ئاگاداربە، ئاگاداربە، ئەمە بەدڵنیاییەوە ڕێبایە! ئەمە بەدڵنیاییەوە ڕێبایە! ئەنجامی مەدە، ئەگەر دەتەوێت (جۆرێکی باشتر لە خورما) بکڕیت؛ ئەو خورمایەی (جۆرەکەی خراپترە) بیفرۆشە بەرامبەر بە نرخێک، پاشان -بەو نرخە- (جۆرە باشەکەی خورما) بکڕە

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: بیلال هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وخورمای بەڕنی (جۆرێکە لە خورمای باش) لەگەڵدا بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: «ئەم خورمایەت لە کوێوە دەستکەوت؟»، بیلال ووتی: خورمامان هەبوو جۆرەکەی خراپ بوو، بۆیە دوو گوێل* لەو خورمایەم (لە جۆرە خراپەکەی خورما) فرۆشت بەرامبەر بە گوێلێک (لە خورمای بەڕنی). لەوێدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئاگاداربە، ئاگاداربە، ئەمە بەدڵنیاییەوە ڕێبایە (سووە)! ئەمە بەدڵنیاییەوە ڕێبایە (سووە)! ئەنجامی مەدە، ئەگەر دەتەوێت (جۆرێکی باشتر لە خورما) بکڕیت؛ ئەو خورمایەی (جۆرەکەی خراپترە) بیفرۆشە بەرامبەر بە نرخێک، پاشان -بەو نرخە- (جۆرە باشەکەی خورما) بکڕە». *(گوێل: واتە چوار (مشتی هەردوو دەست؛ بۆ کێشانی شتومەکەکان بەکاردەهێنرا لەو سەردەمەدا

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

بیلال -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وخورمای بەڕنی (جۆرێکە لە خورمای باش) لەگەڵدا بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی جۆرەکەی بە لاوە سەیر بوو، پێی فەرموو: (ئەم خورمایەت لە کوێوە دەستکەوت؟)، بیلال ووتی: خورمامان هەبوو جۆرەکەی خراپ بوو، بۆیە دوو گوێل* لەو خورمایەم (لە جۆرە خراپەکەی خورماکەی خۆم) فرۆشت بەرامبەر بە گوێلێک (لەم خورما بەڕنیە باشە) بۆئەوەی بیبەخشم بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ولێی بخوات. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم کارەی بەلاوە گەورە بوو وئاگاداری کردەوە کە ئەمە گەورەترین کارەساتە. وفەرمووی: ئەم کارەت ڕێبایە (سووی تێدایە)، وئەنجامی مەدە، بەڵام ئەگەر وێستت خورما خراپەکە بگۆڕیتەوە؛ سەرەتا بیفرۆشە بەرامبەر بە نرخێک، وپاشان بەو پارەیە خورمای باش بکڕە. ئەم ڕێگەیە حەڵاڵە بۆ ئەنجامدانی، بۆئەوەی تووشی مامەڵەی حەرام نەبیت. *(گوێل: واتە چوار مشتی هەردوو دەست؛ بۆ (کێشانی شتومەکەکان بەکاردەهێنرا لەو سەردەمەدا

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6033